1

# گۆڕی ئەسحابان

مەلا حوسێنی عەندەلیب
کوردستان ٢٨/٨/٩١

لەقەد شاخ و لە تەلانان
لە تەک هەندێ گۆڕستانان
ڕیزە بەردێک بە جیایە
لە سەری دەخوێنن کوردگەل
صەت فاتیحاو قولهوەڵڵایە
ڕێگای دوورو دژوار دەبڕن
بۆ ئەوەی ڕێزی لێ بگرن

—

گۆڕێک -- دەڵێن ئەسحابەیە
گوایا یاری پێغەمبەرە

2

بە صەدان بەردی جوان جوان و
ئالاڵای ئایینی لەسەرە

—

گۆڕێ لە بەردێکیش لەولا
دەڵێن کافری بەدفەڕە
چوون بە ئەسحابان وەڕیوە
بۆیە وا وەک صەگ تۆپیوە
هەزار جنێوی پێ دەدرێ
تف و لەعنەتی لێ دەکرێ
ئافرەتان گەشکەی پێ دەگرن
منداڵان بەردی تێ دەگرن

—

مەسەلەکە ئەوها نی یە
ئیسلامەتی تیا نی یە
گەرەکتە بزانی چی یە ؟
گوێ شل کە بۆ ئەم راستی یە :

—

خوای ئەسحابەکە بیابە یە
کافرەکەشمان کاکە یە
لەو بیابانە ئارانە
کە دەمردن لە برسانا
ئەگەر لە بۆ تالان نە بێ
بۆچی زێدە لەم جیهانە
گوێڕیان هەر فەناو کوردانە ؟

—



ئەسحابەی چی ! کاکی برا !
پیاو چنۆکێک کوژراوە
بۆچی لە خاکێکی ترا
ئەسحابەیەک نە نێژراوە ؟
ئەسحابەی چی ! کاکی برا !
عەرەوێکی هوشترەوانە
ئەم قەوانە و دەف لێدانە
گاڵتە بە ئەقڵی کوردانە
ئەسحابەی چی ! کاکی برا !
خوای عەرەب دێی پێ هزگەوتە
ئاگەی باشۆرین بێ سەروچرا ،
بالادەین لەم بیرەچەوتە !

—

کابرا گەر ئەسحابە و یار بێ
خۆ دەبێ نێویشی دیار بێ
گەڕام بە پەڕەی مێژوودا
نەمدۆزیەوە نێوێک وا

نووەز ئەسحابەی موبارەک
نێوی (حەبیب) یان (حەمید) ە
نێوی گوایا کافرەکەشی
یان بازە یان بایزە

—

مەسەلەکە ئەوها نیە
ئیسلامەتی تیا نیە
ئەسحابەکەمان نەیارە
فری بەسەر ئیسلامەوە
نیەو دوژمنی خوێنخوارە

—



—

ئەسحابەکە داگیرکەرە
عەرەوی عەگاڵ وەسەرە
کافرەکەشی پێشمەرگەکەی
خاک پارێزی کورد پەروەرە

—

لە مێژووی کوردەواریدا
یەکەم پێشمەرگەی سوارچاکە
چونکە لە دوژمن دەیپاراست
سنووری ئەم خاکە پاکە

—

ئەمڕۆ لەنێو ئەو ئەرشیڤەی مامۆستا حەسەنی قازی پێشکەشی کردووە بە پەرتووکخانەی کوردیی ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوید ئەم هۆنراوەیەی مامۆستا مەلا حوسێنی عەندەلیب بەرچاو کەوت، پێی سەرسام بووم، دیارە لەبەرئەوەی بە نموونەی کەسێکی نەتەوەیی دانسقەیە لەنێو کۆڕی مەلایانی ئایینی نێو کۆمەڵی کوەدەواری، ئاواتەخوازم نموونەی زۆربێیت!

لەلایەکیترەوە نزیکە لە بۆچوونەکەی بەندە...

هێدی گۆمەیی
2021 /11 /3

9

خوایە! ئێمە موسڵمانین
خاوەن ئایین و ئیمانین
لەپاش خولەفای راشدین
کەس نەیکردوە خزمەتی دین
بە رادەی رۆڵەکەی کوردان
ئەویش سوڵتان صلاح الدین